# چالاکیەکانی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە نەرویج تایبەت بە شەپۆلی کوشتنی کچان و ژنان لە عێراق و کوردستانی عێراق!

1. ڕۆژی 30.04.2007: چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی " Aftenbladet "کە ڕۆژنامەیەکی خوارووی وڵاتی نەرویجە، لەگەڵ بەهار مونزر سەبارەت بە بەردبارانکردن وکوشتنی "دۆعا خلیل"، لەم چاوپێکەوتنەدا بەهار ئاماژەی دا بە بەردباران وەک ڕووداوێکی تازە لە مێژووی کوشتنەکانی ژنان لە عێراقدا، هەروەها سەبارەت بە کوشتنی ناموسی وەک دیاردەیەکی ترسناک قسەوباسی کرد. ئەمەش لینکەکەیە:
http://web3.aftenbladet.no/utenriks/article446051.ece

2. ڕۆژی07.05.2007: لەگەڵ چەند ڕێکخراوی تردا، نامەیەکیان ئاراستەی " Jens Stoltenberg" سەرۆک وەزیرانی نەرویج و وەزارەتی دەرەوە وەزارەتی یەکسانی کرد کە تێیدا سەرنجی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەیان بۆ کوشتنی "دۆعا خلیل" ڕاکێشاو داوای لێکردن کە بەرامبەر بە بەردبارانی دۆعاو ئەم دیاردە تازەیە لە کوردستان هەڵوێستی مەسئولانە بنوێنن! وە تێیدا ئەم داوایانە هاتبوو:

یەکەم/ نامەی نارەزایەتی دەوڵەت و دامودەزگا بەرپرسەکانتان دژ بەم کارەساتە، ڕەوانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی وەزیرانی عێراق بکەن.
دووەم/ داوای لێکۆڵینەوە لەم تاوانە وە ئاشکراکردنی تاوانباران و دادگایی کردنیان لە دادگای ئاشکرای خەڵکدا.
سێیەم/ وەلاتانی یاسا دژەژنەکان و ئەو یاسایانەی کە هانی توندوتیژی و کوشتنی ژن دەدات لە عێراق و کوردستان و جێکردنەوەیان بە کۆمەڵێک یاسا کە مافی ژن و ئینسان دەپارێزێت.
شایەنی ووتنە کە هیچ وەڵامێکی ڕەسمی بەم نامەیە نەدرایەوە.
هەروەها ڕۆژی 2.5.2007 لەلایەن Fredrikstadbladet کە ڕۆژنامەیەکەوە لەشاری فریدریکستاد دەردەچی لەگەڵ شیرین محسن، نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لەو شارە لەسەر تاوانی بەردبارانکردنی دۆعاو کوشتنەکانی شەرەف لە کوردستان چاوپێکەوتنێکی سازدا. ئەمەش لینکەکەیە:
http://www.f-b.no/apps/pbcs.dll/article?AID=/20070502/NYHET/105020053

3. ڕۆژی 24.05.2007: چاوپێکەوتنی " tv2nettavisen" نەرویجی لەگەڵ بەهار مونزر سەبارەت بە کوشتنی "شەوبۆ علی"، لەم چاوپێکەوتنەدا سەرەڕای ڕونکردنەوەی ڕووداوەکە، ڕەخنەی خۆی ئاراستەی لە بێدەنگی دەسەڵاتدارێتی نەرویج سەبارەت بەم شەپۆلی ڕووداوانە لە کوردستان کرد. ئەمەش لینکی چاوپێکەوتنەکەیە لە " www.tv2nettavisen" نەرویجی.
http://www.nettavisen.no/ verden/ article1066274.ece

هەروەها هەواڵی ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژنامەی "جەماوەر"ی ژمارە 224 دا بڵاوکراوەتەوە.

4. ڕۆژی 25.05.2007: بەهار مونزر، نامەیەکی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردو تێیدا سەرەڕای ڕەخنەی توندی لە هەڵوێستی دەسەڵاتداران و بەشداربوونیان لەم تاوانانەدا، داواشی لێکردن کە بەرامبەر بەم شەپۆلی کوشتنانە هەڵویستی مەسئولانە وەرگرن. نامەکە لەهەردوو سایتی "بۆپێشەوە"و "کوردستان نیوز"دا بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش لینکەکانە:
http://www.knewsdaily.org/ Direje_koment.aspx?Babet=Hewal&Jimare=1226

http://bopeshawa.com/ text-2007/ 05/ 01-nama-bahar-hukumat.pdf

5. رۆژی 28.05.2007: بەهار مونزر وەکو نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن، لەسەر کوشتنی "شەوبۆ علی رؤوف" نامەیەکی تایبەتی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی نەرویج کردەوو تێیدا سەرەڕای باسکردنی ڕوداوەکە داوای لێکردن کە سەبارەت بە کوشتنی شەوبۆ دۆعاو شەپۆلی کوشتنی رۆژانەی کچان و ژنانی تر بە تۆمەتی ناموس لە کوردستانی عێراق هەڵوێستێکی مەسئولانە بنوێنن. شایەنی وتنە لەرۆژی 08.06.2007 لەلایەن " Hilde Solbakken "ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی نەرویج وەڵامی ڕەسمی دەوڵەت درایەوەو تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ بەدواچونی ئەم مەسەلەیە وەزارەتی دەرەوەی نەرویج ڕاسپێردراوە کە شوێن ئەو کەیسە بکەوێت و کاری لەسەر بکات.

6. پاش ناردنی نامەیەک لە 07.05.2007دا بۆ حزبی چەپی سۆسیالیست "SV " کە باڵێکی ناو حکومەتی نەرویجە، ئەوانیش لە 2007/06/07 داو بە ئیمزای "Thomas Johansen" ڕاوێژکاری سیاسی حزبی SV وەڵامی نامەکە دراوەتەوەو ئاماژە بەوە کراوە کە حزبی چەپی سۆسیالیست دژی تاوانی کوشتنی ژنانن و ئەم کارانە مەحکوم دەکەن، هەروەها لەنامەکەدا هاتووە کە ئەوان نامەکە دەنێرن بۆ ڕێکخراوی ژنانی حزبەکەی خۆیان و بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکانی حزبی ناوبراو.

7. رۆژی 2007/06/13: بڵاوکراوەی "Tv2nettavisen " چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەهار مونزر سەبارەت بە خۆئامادەکردن بۆ نارەزایەتی هەمان رۆژ لەبەردەم پەرلەمانی نەرویج و دژی کوشتنەکانی شەرەف لە کوردستانی عێراق سازدا، تێیدا باس لە بەشداربوونی دوو پەرلەمانتاری نەرویجی و سکرتێری گشتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەرویجی دەکات هەروەها بانگەوازی هەموو کەسێک و ڕێکخراوێکی ئازادیخواز دەکات بۆ بەشداربوون لەو نارەزایەتیەدا ئەمە سەرەڕای هاوکاریکردنی رۆژنامەنووسەکە بۆ ئامادەکردنی لیستێک لە ناوی قوربانیانی تاوانەکانی شەرەف لە کوردستان. هەر لەهەمان رۆژنامەدا Anita Krokan، بەرپرسی کاروباری عێراق لەبەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ی وەزارەتی دەرەوەی نەرویج، لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە دەکات و دەڵێ کە نەرویج تاوانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموس ریسوا دەکات و ئەم مەسەلەیە بە جدی لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەسەڵاتداریتی هەرێم باس دەکەن. ئەمەش لینکی هەواڵەکەیە:

http://www.nettavisen.no/ verden/ article1109103.ece

8. رۆژی 13.06.2007: کاتژمێر 17.00 ڕێکخراوی ئازادی ژن لە نەرویج لەگەڵ ڕێکخراوی پەنابەران، لەبەردەم پەرلەمانی نەرویج هەستان بەڕێکخستنی نارەزایەتیەک دژ بە شەپۆلی کوشتنی ژنان لە کوردستانی عێراق، تێیدا نوێنەری هەردوو ڕێکخراو بەهار مونزر بە زمانی نەرویجی و کامل احمد بە زمانی کوردی وتاریان پێشکەش کرد، بێجگە بەشداری دەیان کەسی ئازادیخواز لەم نارەزایەتیەدا، چەندین کەسایەتی سیاسی بەشداربوون لەوانە " John Peder Egenæs " سکرتێری " Amnesty International " لە نەرویج،" Morten Høglund " پەرلەمانتارو ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمان، " Ågot Valle " ئەندام پەرلەمان و ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمان. "مەلەکە عزەتی" لە کەمپینی نێونەتەوەیی دیفاع لە ژنانی ئێرانی. وە هەر لەوێدا"Ågot Valle " گفتی دا کە ئەم کێشەیە دەباتە ناو پەرلەمان و هێزی بۆ هەڵدەخرێنێ و لە دانیشتنیدا لەگەڵ حکومەتی هەرێم و پارتە کوردیەکاندا ئەم باسە تاووتوێ دەکات.

9. رۆژی 2007/06/14: بڵاوکراوەی " Magazine " لەگەڵ بەهار مونزر، وەک نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژن لە نەرویج چاوپێکەوتنێکی ئەنجامدا، کە تێیدا ئاماژە بە وەستانەوەو داواکاریەکانی بەهار دەکات سەبارەت بە چۆنیەتی ڕوبەڕوبوونەوەی دیاردەی کوشتنەکانی شەرەف لە کوردستان. ئەمەش لینکەکەیە:

http://www.magazinet.no/artikkel.asp?Artid=9877

10. ئەمانەو چەندین چاوپێکەوتن و ڕاگەیاندنی تر کەلە وێبسایتی جۆراوجۆردا بڵاوکراونەتەوە لەوانە
utrop.no, rights.no, kurdistan.no, Hawpshti radio

ڕێکخراوی ئازادی ژن/ نەرویج

16.06.2007